# نیگا

**عەلی نارێنی**
alinarini@yahoo.com

بەیانییەك لە بەر ئاوێنەی گەنجێتیدا
کۆترە شینکەی نیگایەك نیشتەوە
وەك تریفە
ئاوێنە پڕ بوو لە جوانی
ئیتر تۆ لە من ورد بویتەوەو...
منیش وەکو تۆ پڕ بووم لە نیگا
نیگا،
نیگا،
نیگا،
نیگا باران بوو جەستەی رێگاو
دوور دوور بوو بەر ئاوێنە
چ شیرین بوو....شیرین
نوقلآنەی ئەو بەیانیەی تەمەنم
چ پڕ لە جوانی بوو.....پڕ
وردە نیگای ئەو بەیانیەت

## بۆ دواجار

هەر ئەبێ رێگایەك هەبێ
بمگەیەنێتە لای ماڵی ئێوە
هەر ئەبێ دەرگایەك هەبێ

**بمباتە لای ژوورەکەی تۆ**

**هەر ئەبێ پەنجەرەیەك هەبێ**

**نیگای چاوم بدزێ و...**

**لە سوچێکی ژوورەکەتدا،**

**لە سەر نوێنێ،**

**لە سەر کورسییەك،**

**بە سەر کتێبێکەوە،**

**یان بەدەم گۆرانی وتنەوە،**

**بۆ دواجار**

**بتبینم وبتدۆزمەوە**

## ماندووم

**ماندووم...گوڵ**

**لەم خووەی عیشق**

**نەخشەیەکی ترم ئەوێ لە تاسەو..**

**پانتاییەکی ترم ئەوێ لە ماچکردن**

**ماندووم...گوڵ**

**لەم سەفەرەی خەیاڵ**

**گرێکی ترم ئەوێ لە سوتان و...**

**بارانێکی ترم ئەوێ لە شیعر**

**ماندووم ....گوڵ**

**لەم چاوەڕوانییە**

**ئارامیەکی ترم ئەوێ لە تەمەن و...**

میهرەبانییەکی ترم ئەوێ لە ئەوین

## گومان

لەوەئەچێ باران
میهرەبانتربێ لەوەی من ئەیزانم
پێ ئەچێ دەریاش فراوانتر بێ
لەوەی من ئەیبینم
من هەمیشە
بە بیری خۆم باران ئەخوێنمەوەو...
بە مەودای بینینی خۆیشم
دەریا ئەندازە ئەکەم
بەلاّم هەرگیز
گومان لەوەدا نییە
کە دونیا بە تۆوە خۆشەو..
هەموو جوانییەکانیش
لە تۆ تریفەیان خواستووە

## پیاسە

دەستم بگرە وهێمن
با بەژێر ئەم بارانەدا
بەوپەڕی عیشقەوە پیاسەیەك بکەین
وەرە با دەست بۆ ئاسمان هەڵبڕین
لە باراندا نەبێ

**تێر نابین لە پێکەنین**

**لەوبەری بارانەوە نیشتمانێك هەیە**

**لە ناسکی**

**تا پاکنەبینەوە لە گومان پێی ناگەین**

**تا پڕ نەبین لە بۆنی ئەوێندەر**

**چرۆکانمان نابن بە گوڵ**

**تا تەڕ نەبین...تەڕ بە باران**

**تا رووت نەبینەوە...رووت بۆ باران**

**نە تۆ قژت بە نەسیم دادەهێنی و..**

**نەمن رەهێڵەی شادی دێتە شیعرمەوە**

**⋆ لە کۆمەڵە شیعری(لە چاوەڕوانی هاتنتدا)**